# وەک مەسیح ئاوا بووای



عەبدوڵا کەریم مەحمود

لە نیگایی دوو چاوەڕەشە تۆخەکانتا

دەریایەکی ئەوین لە یادەوەری تاڵ

ئاسمانێک لە تەنیایی و .. تەمی بێزاری




چیرۆکێک پڕ لە کارەساتی دابڕان

شەپۆلی نهێنیەکی پڕ لە پەنهان

پڕ لە سیحری تێڕامان ئاوا دەبوون

لەپەڵە هەوری هەناسەی نامۆیتا

مەیلی خەمی تەمێکی قووڵ

رووە ناخی ئاسمان لە شەقە باڵی دا

نەرمە بارانێکی بەسەر...

قازان قایەدا باراند

پڕبوو لە خاچەکەی مەسیح

پڕبوو لە داوا هەناسەی مەسیح

پڕبوو لە پەیامی مەسیح

پێشمەرگە ڕەشتاڵەکەی کێوی سەگرمە

تۆ شە پۆلی دەریایەکی بی سنوور بووی

پڕبووی لە مرواری تاڵی خۆ شەویستی

تو لەگەڵ باڵای ئارام و..

رۆحی بەرگری شیعرەکانی رەنجبەر و

هەناسە پرلە ناکامەکانی هەڵوێستدا

کوڵی خەمی مەینەت بارانی گەڵەکەت

کردبووە تێشووی تەمەنت

ئیستا تانیا

لە خانوە سارد و کرێنشینیەکەیا

لە بەرتەمی دوا هەناسەی

تۆو هەڵوێستدا

لەبەردەم بارانی فرمێسکی هەڵبەستادا

لاپەڕەی ئەو خەونە هەڵبزڕکاوانە

هەڵدەداتەوە لە چیا بۆت دەدرکاند

بریسکە بریسکی ئەو ئەڵقەیە

لە ناخیدا دادەگیرسێ

لەچیا لە پەنجەی کرا

هەناسە بۆ شاخ و شۆڕش و...

رۆژانی پێشمەرگایەتی هەڵدەکێشێ

کە هەڵوێستی تیا لە دایک بوو

هەناسە بۆ ئەو زەمەنە هەڵدەکێشیت

هەڵۆیست ماڵ ئاوایی تیا کرد

هاوڕێم دکتۆر ساجید...

تۆ وەک مەسیح لە دایک بووت

وەک مەسیح ژیایت

وەک مەسیح ئاوا بووی.

2006 سلێمانی

*قازان قایە: گوندێکی قەرەداغە،ماڵی دکتۆر ساجیدی لێبوو.

* ئارام: شەهید ئارامی سکرتێری کۆمەڵەی رەنجدەران بوو.

* رەنجبەر: شەهید جەمیل رەنجبەری شاعیر و پێشمەرگە بوو.

* هەڵوێست: کوڕی دکتۆر ساجید بوو لە کارەساتێکدا دوا هەناسەی سپارد.

* تانیا: هاوسەری دکتۆر ساجیدە.

* هەڵبەست: کچی دکتۆر ساجیدە.